# چارەنوسی خەڵکی عێراق و کوردستان لەژێر سایەی جەنگ و تیرۆریزمی ئەمریکادا



له بەهاری ساڵی 2003 داو بەر لە دەستپێکردنی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکانی سەر بە حکومەتی ڕاستڕەو و کۆنەپارێزی جۆرج بۆش بە مەبەستی هەڵخراندنی رای گشتی لە نێوخۆی ئەمریکاو لەسەر ئاستی جیهان دا بۆ بە ( رەوا ناساندن )ی ئەم جەنگەو بە ( هەقانیەت) لەقەڵەمدانی ، هەڵمەتێکی بەرفراوانی پروپاگەندەی جەنگیان لەسەر ئاستی جیهانی دا بەرێخیست ، بیانۆکانی ئەم جەنگە سەرەتا بە (هەبوونی چەکی بەکۆمەڵ کوژ ) لە عێراق دا دەستی پێکرد پاشان درۆیەکی دیکە لە پاڵ ئەم بیانۆیەدا ریز کرا ئەویش (پەیوەندی رژێمی بەعس بە رێکخراوی القاعیدەوە) بوو ، لە درێژماوەی هەر ئەم پروپاگەندەی جەنگی یەدا حکومەتی میلیتاریزم و جەنگخوازی جۆرج بۆش ئەم جەنگەی لە ژێر ناوی ( پرۆسەی ئازادی عێراق )دا راگەیاند ، بە دوای چەند هەفتە لە بۆردومانکرنی سەختی چەندین شارو شارۆچکە بەموشەکەکانی دوور هاوێژی کرۆز وفرۆکە جەنگی یەکانی ( بی 52) وە کوشتنی سەدان کەس لەخەڵکی سیڤیل و بێتاوان وە بەدوای وێرانکردنی بەشێکی گەورە لە دامەزراوە مەدەنی و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان سەرەئەنجام هێزە سەربازی یەکانی ئەمریکا لە 09.04.2003 دا بەغدا یان داگیرکردو و رژێمی بەعسیش رووخا ، ئەگەرچی خەڵکی عیراق وکوردستان لە سەرەتادا بەرووخانی ئەم رژێمە ناسیونال ـ فاشیستەی بەعس زۆر دڵخۆش بوون و تەوەهوم و خۆشخەیاڵیەکیان بە ئیدعاو پروپاگەندەکانی دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکا هەبوو ئەویش بەهۆی پاڵپشتی کوێرانەی ئەحزاب و هێزە ناسیونالیست و ئیسلامیەکان لە عیراق و کوردستاندا لەم پروپاگەندە پووچانەی ئەمریکا سەبارەت بە (ئازادکرنی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی ) لەو وولاتەدا ، بەڵام ئەمڕۆ بەدوای تێپەربوونی زیاتر لە 3 سێ ساڵ و نیو بەسەر ئەم جەنگەداو ئاشکرابوون و ریسوابوونی ئەو درۆو دەلەسانە و وێرانبوونی کۆمەڵگای عێراق لەنێو سیناریۆ وگێژاوێکی خویناوی ودڵتەزێندا کە رۆژانە دەیان کەس لە ئەنجامی کردەوە سەربازی و تیرۆریستەکانی ئەمریکا و تاقم و میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی و پاشماوەکانی رژێمی بەعسەوە دەکوژرێن و ماڵوێران دەکرێن و شیرازەی مەدەنیەت بەشێوازێکی زۆر ترسناک تێکچوەو جەنگی تایەفی ومەزهەبی ، کێشەو ناکۆکی قەومی ودینی ، دەست ئاواڵەبوونی حوکم و عورفی عەشیرەتی و قەبیلەیی و زاڵبونی بەسەر بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگادا ئەمنیەت و ژیانی لە ملیۆنەها خەڵکی ئەم

وولاتەی تێکداوە کە سەرەئەنجام دوا ئامارەکانی ژمارەی قوربانیانی ئەم جەنگەماڵوێرانکەرە بە کوژران و گیان لەدەستدانی زیاتر لە 665 هەزار کەس و ئاوارەبوونی نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس دەژمێردرێت کە لە لێکۆڵینووەیەکدا زانکۆی (جۆبنز هۆپکینز بلومبیرگ)ی ئەمریکی دیاریکردوە.

تا ئەو جێگایەی بەکوردستان دەگەڕێتەوە ئەم جەنگ و میلیتاریزمەی ئەمریکا بەهاوکاری هەردوو حزبی ناسیونالیستی کورد یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان جەماوەرو خەڵکی ئەم ناوچەیەی بۆچەندین ساڵی دیکە وەکو ئاوارە لە نێو سەرگەردانی و تاریکی دوارۆژدا راگرتوەو چارەنوسی سیاسیان تەسلیم کراوە بە دەسەڵاتیکی ئیسلامی ـ قەومی لە بەغدا کە هیچ رێزێک دانانێت بۆ رای خەڵکی ئەم ناوچەیەو و مافی ریفراندۆم و گەرانەوە بۆ رای خەڵکی کوردستان بەرەسمی ناناسێت و بە تاوانی (جیابوونەوە) و دژ بە یەکێتی خاکی عێراق دەیناسێنێت ، هاوکات پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا لە سایەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دا ژیان و گوزەرانی لە خەڵکی شێواندوەو دیاردەی هەژاری و بێکاری و گرانی نرخی شتوومەک و نەبونی سەرەتایترین خزمەتگوزاری یەکان وەکو کارەباو ئاو هێندەی تر تاڵی خستۆتە نێو ژیانی خەڵکەوە ، هەرکاتێکیش جەماوەرو خەڵک لە کوردستاندا بێنە سەرشەقامەکان و نارەزایەتی دەربرن بەرامبەر بەم ناهەقیانەی کە دەکرێت لەدژیان ئەوا لەلایەن هێزە چەکدارەکان و جەندرمەکانی ئاسایشی یەکێتی و پارتی یەوە بە گوللەباران و لێدان و زیندانی کردن سەرکوت دەکرێن و رێگەیان پێنادرێت کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەربرن و لە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو حزبەدا ئازادی خۆپیشاندان ورادەربرین هیچ رێزێکی لێناگیرێت و بەرەسمی نەناسراوە .

ئاکامەکانی تا ئێستای ئەم جەنگ و تیرۆیزمەی دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق و کوردستاندا بەڵگەیەکی زیندوو وە ئاشکران لە پووچی ناوەرۆکی وەعدەو بەڵێنەکانی یەکێک لە هارترین و ڕەشترین دەسەڵاتی سەرمایەداری لە جیهاندا واتە حکومەتەکەی جۆرج بۆش سەبارەت بە (نەهێشتنی دیکتاتۆریەت و ئازادکرنی عێراق).

جەماوەرو خەڵکی پێشکەوتنخوازی عێراق و کوردستان یەکەمین هەنگاوی ئازادی و خۆشگوزەرانیان بە خەباتکردن بۆ دەرپەراندنی هێزی ڕەشی داگیرکاری ئەمریکاو بە بەرز راگرتنی خواستی دامەزراندنی حکومەتێکی سکۆلارو ئازاد دەستپێدەکات، ئەمرۆش کۆنگرەی ئازادی عێراق سەنگەری ئەم تێکۆشانەیە.

عرفان کریم 27.10.2006 Arfan96@yahoo.de